www.kurdistannet.org

17-7-2007 16:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کاک کۆسرەت، وا بۆ دوازدە ساڵ دەچی ... ئەیوب**

هەر کەسێك ئەم بابەتە بخوێنیتەوە لەوانیە لای سەیر بێت من بۆ وا دەکەم، بەڵام بیرِ و رِا ئازادە،

بەرِێز کاك کۆسرەت: جێگری سکرتێری گشتی (ی. ن. ك) و جێگری سەرۆکی هەرێم....
ئێمە خێزانێکی یەکێتین و هەر لە کاتی جوودابوونەوەی باڵی جەلالی باوکم پەیوەندی پێوە کردووە، دۆستێکی نزیکی بەرِێزتە تاکو ئێستا بە پیربوونیشەوە هەر بەردەوامە لەسەر رِێبازی یەکێتی و زۆر ئازار و دەردەسەری و ئاوارەبوونی دیتیە، ئەم دەردەسەیانەی ئەو بوون بە پشکۆ و پرِوشکەکان بەر کورِەکانیش کەوت، دوازدە ساڵ لەمەوبەر چەند کارێکمان لای تۆی بەرِێز هەبوو، هەموو هەوڵێکماندا تا بگەینە لای بەرِێزتان ئەنجام، بی سوود بوو، تا وای لێهات ئەو (چەند کارانەمان) کرد بە (یەك کار) هەر بی سوود بوو، هانامان بۆ کەسانی دەوروبەرت دەهێنا سیاسەتی (ئێوە هی خۆمانن) یان پەیرِەو دەکرد، هیچ کاتێك دەرفەتیان بۆ نەرەخساندین، باوکم بی ئومێد بوو ئاهە بۆ رِۆژانی رِابردوو هەڵدەکێشی.

زۆر بەرِێز کاك کۆسرەت..
نەك ئێمە بەڵکو هەموو کوردستان و بەتایبەتی هەولێر و سنوورەکەی چاوەرِوانی دەستی و هەوڵی جەنابتە، وە گەر گەیشتن بۆ لای بەرِێزتان بەمجۆرە بی تا دونیا دونیایە دەبی خەونی پێوە ببینین.
رِەنگە بپرسی بۆ ئەم رِێگایەم هەڵبژارد؟ وەڵام: چونکەهەوڵەکانمان بی سوود بوون، وە بەشورەیەکی پۆلایینیش دەورە دراوی بە هیچ شێوەیەك بەزاندنی ناکری.
کاك کۆسرەت ئێمەش لە خۆتانین زیاد لە پێویست بەرگەمان گرتووە لە هەموویان ناخۆشتر ئاوارەبوونمان بوو پاش 31/ئاب. هەر بۆیە هانام بۆ ئەم ماڵپەرە هێنا تاکو دەنگمان بتگاتی کەوا بۆ 12 ساڵ دەچی قەتیس کراوە، ئەو کارانەی پێشتر هەمانبوو هەموومان ئاوێتەی یەکتر کرد و کردمان بە یەك داواکاری ئەویش دیتنی تۆی ئازیزە بۆ ماوەی 3 چرکە.
هیوای تەمەن درێژی و سەلامەتیت.

لەگەڵ رِێزدا.
aywb76 @yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.